www.kurdistannet.org
14:58 1-8-2006 **بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

## دەبێت کەی کورد و کوردستان ئازاد بێت؟!!! ... تاڤگە سابیر

**من پێم وایە ئەوانەی کە فرچکیان بە دوژمنایەتی گەلی کورد گرتووە هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ گەلی کورد پاک نابنەوەو کورد بە دۆستی خۆیان دانانێن و خاکی کوردستانیش هەربە خاکی عە رەب دادەنێن!!! بەداخەوە تەنها کوردکە ئەوان بە براو دۆستی خۆی دەزانێت، ئەوان شۆڤێنیانە هەرگیز کورد بە خاوەن ماف و کوردستان بە خاکی کورد نازنن و هەرگیز دان بە ئازادی و رەهایی بۆ کوردو کوردستان دانانێن!! عە رەب لەگەڵ ئەوەی سەری هەڵداوەو دژبە کورد هەر ماون و هەڵسوکەوت دەکەن وەستاون و دەوەستن، دەبینین بە زۆر ناوەوە ئەوان ماوە بە ماوە لێمان قیت دەبنەوەو زۆر بە ڕاشکاوی دژبە گەلی کوردی ستەم دیدە دەوەستن و هیچ ڕێزێکیش بۆ کەسایەتی سیاسەت مە دەراکان دانە ناوەو هەرگیزیش ڕێز دانانێن. بەڵام بەداخەوە سەرۆک پەرلەمانی کورد تازە بە تازەش دەیەوێت ئێمەی گەلی کورد بە عێراق بەسترێتەوە!!!! چاک دەزانن کە ئەم هەموو کارەسات و ماڵ وێرانییانەی کە بەسەر گەلی کوردو کوردستان هێندراوە لە سایەی ئەو هەستە کەسیفانە بووە کە ئەو دڕندانەی دیرۆکی و داگیرکەرانی کوردستان، دکتاتۆرەکانی وەکو سەدام لە هەموو کاتێکدا کە هاتوونەتە سەر کارو بۆیان لواوەو ئەوا دڕندانە سەریان هەڵداوەو پەلاماری خاکی کوردستانیان داوە، هەرگیزیش واز ناهێنن. هەمیشە دوژمنکارییان دژ بە کوردە. عێراقیشیان لەو سایەوە وەدی هێناوە ئەوا بەو هەستە شوڤێنییەیانەوە دژایەتی گەلی کوردو کوردستانیان کردووەو گەلی کوردیان لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی دا هەتا ئەمڕۆش بێ بەش کردووەو دژبە گەلی کورد هاتوونە مەیدان و بە هەزاران، کارەسات و نالەباری و ماڵوێرانییان دژ بە کوردی وەدی هێناوە، هەتا ئەمڕۆش لێنەگەڕاون کە عێراقێکی دیموکرات و پر لە ئاشتی و ئاسایش و عێراقێکی پێشکەوتووو ئاوەدان دوور لە ستەم و خاپوورکردن وەدی بێت. عێراق بە کوردو کەمە نەتەوایەتییەکانی تر کەلە سەر خاکی عێراقدا دەژین ئازادو رەها لە ناو ماڵ و چەوسەندنەوەو سەپادنی زوڵم و زۆرداری بەسەریاندا بژین. بەتایبەتی گەلی کورد کە ئەگەر بۆیان بلوێت هەرگیز لێناگەڕێن لە سەر خاکی کوردستانی خۆیدا سەربەرزانە بژین، لە دوای ئەم هەموو وێرانی و کوشت و کوشتارو دەربەدەری و ئەو رووداوە، ناخۆشانەی کە ئەمڕۆش لە سەر خاکی کوردستان روو دەدەن ڕۆژ نییە کارەساتێ لە سەر ئەم خاکە زێڕینە روو نەدات و گیانی دەها خەڵکی بێ تاوان نەبێتە قوربانی هەستی خەراپکاران و تیرۆریستان و ئەوانەی کە هەرگیز ئاسایش و ئارامییان ناوێت هەر ئەوانن کە بوونەتە هۆکاری ئەو هەموو ماڵوێرانیی و ئاوارەیی و خوێن رشتنەی کە ئەمڕۆش وا دەیبینین. بەڵی گوڵم هەر مەزنەکانی ئەم هەموو رووداوانەو نەبوونی ئاشتی و ئاسایش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هەتا ئێستاش ڕێز لە مافی چەوسێنەرانی وەک گەلی کورد نەهێندراوەو هەمیشە هەوڵی ئەوە، دراوە کە مافی رەوای گەلی کورد پێشێل بکرێت و گەلی کورد هەمیشە ماف خواراوو بێ دەراتان و دەربەدەرو ئەنفال و ئاوارە بکرێت. کارەسات و ناخۆشییانەی مرۆڤ کوژی دوێنێ و ئەمرۆ وەرنەگرتووە، هەربە راشکاوی دژ بە مافی هەموو ویست و خواستەکانی گەلی کورد دەکەن و بە راشکاوی دژ بە مافی فیدراڵین و دەیانەوێت کە خاکی عێراق هەربە بەشێک لە خاکی عارەبان بێت و هیچ ڕێزێک لە مافی گەلی کوردو کوردستانی زێدی باوک و باپیرانی کورد ناگرن و دژایەتی هەموو ویست و خواستەکانی هەزاران هەزار قووربانی دان ماوەی، سەدان ساڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد دەکەن. بەڵام بەداخەوە کەچی چاو پۆشی مافی رەوای کورد دەکەن.**

**سوێد**2006